# منیش ڕادێم بە بێتۆیی

(کۆمەڵە شێعر)

م. ئاران

ئەوین، مەریوان، ١٣٩٥

# منیش ڕادێم بە بێ‌تۆیی

**شاعیر: محەممەد ئیسماعیل‌نەژاد(م. ئاران)**

چاپەمەنیی ئەوین

**ڕووبەرگ و دیزاینی ناوەوە:** ئەوینداران
**شابەک: ٠-٣٦-٦٨١٤-٦٠٠-٩٧٨**
**چاپی** یەکەم، ١٠٠٠ دانە، مەریوان، ١٣٩٥

**چاپەمەنیی ئەوین: کوردستان- مەریوان- کۆتایی شەقامی مەردۆخ**
**٠٨٧٣٤٥٢٦٦٦٤ - ٠٩١٨١٧٣٠٣٣٤**

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | اسماعیل‌نژاد ، محمد |
| عنوان و نام پدیدآور | : | منیش رادیم به بی‌تویی( شیعر)/ م.ئاران (محمد اسماعیل‌نژاد). |
| مشخصات نشر | : | مریوان: ئەوین، ۱۳۹۳. |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۲۰ص. |
| شابک | : | ۰-۳۶-۶۸۱۴-۶۰۰-۹۷۸ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | شعر کردی -- قرن ۱۴ |
| رده بندی کنگره | : | PIR۳۲۵۶ ۱۳۹۳ ۴۸الف ۷۴۳س/ |
| رده بندی دیویی | : | ۸فا۹/۲۱ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳۴۳۶۱۳۸ |

## پێڕست


کلیل ............................................................. ٧
کەنیشکی غەم .................................................... ٨
چەپکەگوڵ ....................................................... ٩
جوان ............................................................. ١٠
ئەوین ............................................................ ١١
مەرگ ............................................................ ١٢
ژیان ............................................................. ١٣
گوڵجاڕی سەرنج ................................................. ١٤
منیش ڕادێم بە بێتۆیی ........................................... ١٥
هەڵبەستێکی دیکە بۆ ژیان ...................................... ١٧
خەرەندی ژان .................................................... ١٨
ژیان ............................................................. ١٩
پەند ............................................................. ٢٠
کارەسات ......................................................... ٢١
چاوەڕوانی ....................................................... ٢٢
شێعرێکی گەشاوە ............................................... ٢٣
ئێشکگر .......................................................... ٢٤
ڕەنگ ............................................................ ٢٥
ئاوێنەی مانگ .................................................... ٢٦
تا ئاسوودەیی هەورەکان ......................................... ٢٧
ڕاو .............................................................. ٢٩
بێوڵاتی .......................................................... ٣٠
بۆ هەوای مەیل و تاسە .......................................... ٣٢
زەمانەی غەمپەرەستی ........................................... ٣٣
داتاشین .......................................................... ٣٤
یاد .............................................................. ٣٥

هێز ........................................ ٣٦
بۆنی بەیبوون ........................................ ٣٧
دارستانی دەستە هەڵواسراوەکان ........................................ ٣٩
بوون و نەبوون ........................................ ٤٢
شنیان ........................................ ٤٣
ژیان ........................................ ٤٥
سات ........................................ ٤٦
ناو ........................................ ٤٧
دواهەنار ........................................ ٤٨
تراژیدیای تەنیایی ........................................ ٥٠
شەوانە ........................................ ٥٢
تەرحی داهاتوو ........................................ ٥٣
چارەنووس ........................................ ٥٥
گەڕانەوە ........................................ ٥٧
ڕەگ ........................................ ٦١
ئەوان ناتوانن بتدۆزنەوە ........................................ ٦٢
خەونێکی دیکە ........................................ ٦٥
ژوان ........................................ ٦٩
ئەرک ........................................ ٧١
ئەو شەوە مانگ چی دەگوت ........................................ ٧٤
تابووتی دوێنێ ........................................ ٧٦
بمکە بە نیشتمانت وەک تازەکۆیلەدارێ ........................................ ٧٨
کەنیلە ........................................ ٧٩
هەستیار ........................................ ٨١
گڕی بوون ........................................ ٨٣
بانگەشە ........................................ ٨٤
تەنیا ئەوین پێشەنگە ........................................ ٨٥
ڕاوەدووی خەونەکانت دەنێن ........................................ ٨٨

ئاوارەیی .................................................................................... ٩١
پشکنین ..................................................................................... ٩٢
ڕامان ........................................................................................ ٩٣
پێم خۆشە بزانم .......................................................................... ٩٤
ڕووداو ....................................................................................... ٩٦
گاڵتەجاڕی ڕۆژگار ........................................................................ ٩٨
لەو دۆڵانە کە ... ........................................................................... ٩٩
گڵکۆ ....................................................................................... ١٠٠
کلابوون .................................................................................... ١٠١
ئاڵقە ....................................................................................... ١٠٢
لەپاش بارانە، کەپەنەک ............................................................... ١٠٢
وەرز ........................................................................................ ١٠٣
یەکەم ئەوین و دوانیشتمان ......................................................... ١٠٤
زیوان ....................................................................................... ١٠٥
ئەویندار .................................................................................... ١٠٦
پەڵەی چارەنووس ......................................................................... ١٠٧
تابلۆ ....................................................................................... ١٠٨
مرۆڤێک لە چەشنی قەقنەس ........................................................ ١٠٩

# کلیل

لەوەتا...
هەستم بەوە کردووە
ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا
بێ تۆ
بچمە ناو باوەشی گۆڕێکی تەنگەوە
شەوانە دەستێک دێت و
پەردەی ژوورەکەم لادەدا
دێتە بەر پەنجەرە و
بە قەڵەمی پەنجەکانی
لەنێوان هەزاران سنووردا
وێنەکەی تۆم بۆ دەکێشێتەوە!
چاو ناترووکێنم
پێڵووم وێک ناهێنم
دەترسم
نیوەشەوێ
کەسێک بێت و
سنوورەکان بشێوێنێ
کلیلی ئەم خەونەم لێ بدزێ و
خەوەکەم لێ بزڕێنێ!

# کەنیشکی غەم

ڕادەوەستا
لە هەمبەر ئاوێنەی دڵما و
خەریک دەبوو
وردورد
بە ئاڕایشتی خۆی!
ئەو ڕۆژانە
چەن جوان و ژیکەڵانە بوو
کەنیشکی غەم!
کەچی ... ئێستا
کاتێک هەر لەم ئاوێنە
دەدا سەرنج
ڕوخساری ئەویش – تەنانەت –
تێکدەشکێ
لەبەر شەپۆلی گرژی و گنج!

# چەپکەگوڵ

بە هەستێکی ئاسوودە و
دڵێکی پڕ لە متمانەوە
ڕاکشاوم لەناو تابووتێکا
کەوا بڕیارە تۆ
چەپکەگوڵێ
بۆ سەر مەزارەکەی بهێنی!
نازانم ئاخۆ ئەوە دەزانی گوڵم؟!
کە چەندت شانازی پێ دەکەم و
چەندیش تەنگە دڵم!

# جوان

زۆر وشە هەیە
وەک سروشتی کوردستان
ڕەنگاوڕەنگ
کە بەسانایی
شیرنایی دیمەنی شۆخوشەنگت
تەواو دەنوێنێ
بەڵام نازانم بۆ
لە وەسفی کچێکدا
هیچ وشەیەک
چەشنی وشەی "جوان"
دڵی بێ ئۆقرەم داناخورپێنێ!

# ئەوین

ئەوین،
هێندە ورد و ژیکەڵانەیە،
کە هەر سات دەترسم
لەناو کەلوپەلی دەروونما
وون ببێ لێم!
هێندەش بەشکۆ و بەرزەفڕانەیە
کە ناوێرم هیچ کات
لای جەماوەرێک
بەئاشکرا لەسەری بدوێم!

# مەرگ

ئارام ناگرێ
لەوێش ...
– لە ترپە و خورتە ناکەوێ–
دەخزێ لەسەر دەستەکانیشت
درزی تێدەکەوێ
بەردەبێتەوە و
دەنکەکانی ئەم هەنارە هەڵگەڕاوە
بە وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە
منداڵان،
سینگی زەوی ناپشکنن
هیچ لەناو هەردا نادۆزنەوە
کەس سەر هەڵناهێنێ
کەس ئاوڕ ناداتەوە ...
هەروا بە بێدەنگی
لە پێچی کۆڵانێکی ئاوارەیی
یان لە سووچی دیوارێکی دڵتەنگی
ڕۆژێک مەرگم، باوەشیم بۆ دەکاتەوە!

# ژیان

-کوتوپڕ-
پیاوێ
دەردی موفاجا کوشتی
ژنێک
لەتاو ژیان
خۆی سووتاند
بە مردوویی
ساوایەک
لەناو چۆما دۆزراوە
لەشفرۆشێک
ئێوارە
لە شەقامەکانی شار دەخولاوە
ژیان هەر درێژ و درێژتر دەبوو ...
ڕێگا ئێمەی ڕادەکێشا و
ئاسمان لەناو دڵی خۆیدا
خورت خورت دادەباری!

# گوڵجاڕی سەرنج

حەز ناکەم
شاماسی سەرنجم
مەنداوی جوانیت بشێوێنێ
پێم خۆش نییە نینۆکی نیگام
بلووری بزەت بڕووشێنێ
پێم خۆشە هەروا، نەرم و هێدی
وردەساتێ لە ڕوخسارت بڕوانم
وەک ڕێبوارێکی ئاسایی
تا چەن پێکی تێدا بمێنێ
بنی پیاڵەی خۆشەویستیم
بۆ شەوانی دووری تەنیایی
حەز ناکەم پێت بگەم
پێم خۆش نییە تێت گەیێنم
پێم خۆشە هەروا نەرم و هێدی
وردەساتێ وەک ڕێبوارێکی ئاسایی
لە جوانیت بڕوانم
لە گوڵجاڕی سەرنجەکانت
ڕێی دەستم گەر هەبوو
تەنیا چەن چەپکێ بچنم
بۆ گوڵدانی چاولەڕێی دڵتەنگییەکانم!

# منیش ڕادێم بە بێ‌تۆیی

منیش ڕادێم بە بێ‌تۆیی
هەروا کە ڕاهاتووم
بە دابەشینەوەی غەمەکانی زەوی
بەسەر چرکەساتەکانی دەروونمدا
هەروا کە ڕاهاتووم
شەوانە
تەنیاییم
لەنێوان دەفتەر و بادە و ژوورەکەمدا
دابەش کەم و
بە دۆشداماوی
سبەینان
لە دوو دەلاقەی داتەپیوی
کاژەرەی سەرمەوە
بڕوانمە
دەربەدەری و بێدەرەتانی
تاپۆی ئەم ڕووحە ئاوارەیە
لە کووچە و کۆڵانی شارەکەمدا
هەروا کە ڕاهاتووم
هەمیشە
لەناو دێڕەکانی مێژوودا

ویڵی سۆراغێک بم
لە دوایین هەواڵی
بێ سەروشوێن بوونم
هەروا کە ڕاهاتووم
هەمیشە
بە غەمەکانی دایکمەوە
خۆ ماندوو کەم و
لەناو دڵتەنگییەکانی ئەودا
بگەڕێم بۆ
تازەترین ناونیشانی شاعیر بوونم
هەروا کە ڕاهاتووم
هەمیشە بە بێدەنگی
بە دڵتەنگی
بە تەنیایی
منیش ڕادێم
بە بێتۆیی
بە سانایی!

# هەڵبەستێکی دیکە بۆ ژیان

قەڵەمەکەی دانابوو
لاپەڕەکەی بەردەمی
وەک بەفری غەمی
هێشتا هەروا سپی مابوو
دڵتەنگی دوێشەو
تەنیایی ژوورەکەی جێدەهێشت
هەستێکی هێمن
هەوای هۆدەکەی پڕ دەکرد
ئاسمان، خەونێکی تازەی دادەباراند و
ژیان، هەڵبەستێکی دیکەی دەنووسی ...
کەسێک
بە نەرمی سەری پەنجەکانی
خورت و هێدی
شووشەی پەنجەرەکەی لە خەو هەستاند
ئەویش
پێڵووی چاوەکانی کردەوە
لەناو لەپی دەستەکانیشیدا
پەپوولەیەکی ئاڵوواڵا – زووزوو خەو دەیبردەوە!–

# خەرەندی ژان

کە تیشـــکی ڕۆژ بە دڵتەنگـــی، بەری مـــاڵان بەجێـــدێڵێ
چەم و رووبـــار بە بێـــدەنگی دەرە و دۆڵان بەجێـــدێڵێ
کە کیژی خۆر قژی خاوی لە لـێچکەی شـەو دەپێچێـت و
هەوا و هەردی ژیـــان تێکـــڕا لە تاریکـــان بەجێـــدێڵێ
دڵـــی کەیلـــم بە تاســـەی تـــۆوە هەردەم وا دەنـــاڵێنێ
غەمـی دووریـت لە سـینەمدا خەرەنـدی ژان بەجێـدێڵێ
کە دەســـتی ئاشـــنایی ڕادەدێـــرێ ئاســـمان بـــۆ خـــاک
ئەمـــن تەنیـــا وەگەردی غـــوربەتی بـــاران بەجێـــدێڵێ
هەواری چـۆڵ دەکەن ئـاوا مەلـی کـۆچەر، خەیـاڵی تـۆ
لە خــــاڵیی ئەم هەوارە هێمنـــــی گریـــــان بەجێـــدێڵێ
کە غەم جێ خۆش دەکا بۆخۆی لەنـاو هەڵبەسـتی ژینمـدا
وشـــە و ڕســـتەم لەتـــاوان دەفـــتەر و دیـــوان بەجێـــدێڵێ

# ژیان

سڕ و لەرزۆک
ڕووت و بێگەڵا
وشکەڵاتوو لەناو بەفرا
بەڵام نا
من نکارم بەوە بڕوا بکەم، نا!
من ئیمانم بەوە هێناوە
لە قووڵایی ناخەکان
لە ڕەگاژۆی پەلەکان
شتێک وەکوو خوێن
شتێک وەکوو ژین
–بزۆز و جمۆک–
گەرای هەڵێناوە!

# پەند

دڵی کەس مەشکێنە!
هەرەس
بە هیچ دڵێ مەهێنە!
بترسە لەو ڕۆژەی
ئاوێنەداری ئەم ئەوینە
شکۆی ئاوێنەت بشکێنێ!
باخەوانی پیری ئەم باخە
لە ڕەگ و ریشەوە دەرت بێنێ!
لەتلەتت کا
بت دا بە هەژارێ
لە تەندووریماڵەکەی خۆیدا
بت سووتێنێ!

# کارەسات

وا بڕیارە ئەمشەو
دیسان هەنارێک دابەشن
بە جۆگەی نێوان ئەنگوستەکانیاندا
هەر ئێستا
ڕێچکەی ئەم ڕووبارە خوێنە دەبینم
-ئای کە چ کارەساتێکی دڵتەزێنە!-
ئەوان ئێمەیان چۆن ناسیوە؟!
بە هەنارێک کوا دەشکێت تاسەی
ئەو دەریای مەرگ و خوێنە!

# چاوەڕوانی

کەوڵی سینەم ڕاخستووە
خۆشەویستم!
تەنیاییم
بێوچان لە هاتوچۆیە!
لە حەوشەی والایماڵێدا
چاوەڕوانی
نەرمەترپەی هێدی
هەنگاوەکانی تۆیە!

# شێعرێکی گەشاوە

گوتم:
جوانترین جلوبەرگی خۆت
لەبەر کە
کەوا من دەمەوێ
گەشاوەترین شێعری خۆم بنووسم
کەچی لەوەتا ...
ئەو جلوبەرگە ڕازاوەیەم دیوە لەبەرتا
هەر دەڵێی هەموو شێعرەکانی جیهان
خێوەتی خەیاڵی منیان
بەجێهێشتووە
هەر دەڵێی گشت وشەجوانەکان
سڵیان لە سووری سەری زمانم کردووە!

# ئێشکگر

من بووم و
تەنیایی و
یادی تۆ ...
دارتێلەکان
بێ بزە و نیگا
بە لاماندا تێپەڕ دەبوون
گڵۆپەکان
بۆ بینینمان ڕادەوەستان
ئاوی چۆمەکە
لەگەڵمان دەهات و
ئەستێرە و
مانگ
ببوونە ئێشکگرمان!

# ڕەنگ

پەرۆشی ئەم ئێوارەیەم نارنجی بوو
دوێشەو
لەگەڵ غەمێکی ڕەنگزەردا قسەم دەکرد
دڵتەنگییەکانی دایکم
هەمیشە مەیلەوسوورن...
دەبا ڕەنگی ئاسمان هەر شین و
پێکەنینی تۆیش
هەمیشە هەروا کەسک بێت!

# ئاوێنەی مانگ

ئەمشەو،
گوێت لە تەنیایی غەمگینی مانگ نەبوو
کەنیلە نیلووپەڕەکەی
ناو خەیاڵ و گۆرانی!
لە خەرمانەی خاوی خەونەکانی
سازت نەکرد
پەلکە بۆگوارەکانت
خوناوکەی باران و
هەوارگەی جوانی!
لە ئاوێنەی سیماشیدا
نێرگزی چاوەکانی خۆت و
وردەماسی سەرنجی شێتانەی
شاعیرێکت بەدی نەکرد؟!

# تا ئاسوودەیی هەورەکان

شەوانە تا دڵنیا نەبم
کە دەست لە شێوەت وەرنادەن
سنوورەکانت ئاڵووگۆڕ ناکەن
خەوم لێ ناکەوێ
تا سروە ئەرخەیانم نەکا
تا لە سروشت دڵنیا نەبم
قەڵەمەکەم
هەر لە دەستم دایە و
دەنووسم
تا ئاسوودەیی هەورەکان
نەکەمە چەتر و سێبەر
لەسەر مەترسی و داڵغەکانت
تا هەزاران پەریلەی ئاسمان
نەکەمە پارێزەر و پاسەوانت
خەوم لێ ناکەوێ شەوانە
قەڵەمەکەم
هەر لە دەستم دایە و
دەنووسم
بەسەر دەفتەرەکەشما
خەونووچکە کە دەمباتەوە

لەگەڵ هەورەکان بۆ سەردانت دێمەوە
لە تریفەی مانگ دەئاڵێم و دێمە خوار
لەگەڵ تنۆکەبارانە دادەبارێم و
تک... تک
لە شووشەی پەنجەرەکەت دەدەم
لەناو تۆدا دەتوێمەوە و
وەکوو بەفر
خۆ بە باوەشتدا دەکەم.

# پێوەبوون

وردەماسی
دەسووڕانەوە
-شێتانە-
بە داوێکەوە
پێوە ببوو
کابرای ماسیگر!

# بێوڵاتی

کەنیلە
کاتێ دێی
بەرکازی بەهار و بەیان دەکرێتەوە
بەرەو ئاسۆی نیگام
شنە خۆی دەئاڵێنێ
لە بەژن و باڵام
کوێستان و هەوار
دێنە سەر لەپی دەستی تەنیام
کەنیلە
لە چاوەکانی تۆدا
نێرگز و وردەماسی دەژین
بەدەم هەناسەتەوە
ژیان پێدەکەنێت و
لە سەرپەنجەکانتەوە
بەفر و کوردستان دادەبارێت
کەنیلە
دڵتەنگی
دەلاقەی هۆدەکەم دادەخا
پاییز
گەمارۆی شارەکەم دەدا

بێوڵاتیش
تەختی سینە و
بەری دەستەکانم
داگیر دەکا
کاتێ دەڕۆی ...
کاتێ دەڕۆی لەلام
کەنیلە!

# بۆ هەوای مەیل و تاسە

دەروویەک و دەراوێـــک، خـــوایە تەنکەبوارێـــک
لەم گێـــژەن و گێـــژاوە، ئاســـوودەیی کەنارێـــک
غەم نێـــودڵی کۆڵیـــوم، تەنگـــی پـــێ هەڵچنیـــوم
چـواردەوری لـێ تەنیـوم، کـوا دەسـتی داژدارێـک
شـــەپۆلی دەرد و ئـــازار، دەمـــدا لە ســـینگی زنـــار
لاشـــەخۆری ڕۆژگـــار، تـــێم وەردەبـــن هەزارێـــک
لەنـــاو لمبـــاری زەمەن، بەجـــێم دەهێڵـــێ تەمەن
ڕێژنە و ڕەهـێڵە و گێـژەن، دەمشـۆنەوە بەجارێـک
پـــێم وەردەبـــێ تەنیـــایی دەمهەژێنـــێ جـــودایی
ئەم دەردە کەی دێ دوایی، ئاخر خـودایە چارێـک
ئـــاهە دەکـــا پیاســـە، بەنـــاو بـــێن و هەناســـە
بۆ هەوای مەیل و تاسە، شنەی فێنکی هـــەوارێک

# زەمانەی غەمپەرەستی

غەم لە چــاوم هەڵــی بەســت هــێلانەیەک بە دەســتی
ڕەببــی بشــکێ ئەودەســتە بــۆ هــێلانەی هەڵبەســتی
بەرچــاوم بــۆر و تــار بــوو، جیهــانم لــێ نادیــار بــوو
ژیــنم ژەنــگ و ژوار بــوو، چــی بەســەر هێنــام هەســتی
کۆســــتی کەوێ زەمانــــە، ڕێگــــام کەوتە تەنگانــــە
لەدەس ئەو هەمــــگەژانە کەنگــــێ دێــــنم خەلەســــتی؟
کــــــۆتری ئەم ئــــــازارە، ئەو باڵنــــــدە لاســــــارە
بەجــــێ دیڵــــێ ئەمجــــارە نیشــــتمانی سەربەســــتی؟
ڕەدیفــی هەســت ڕووخــاوە، ســەروای تەمەن ســەراوە
لەم شــــێعرە نــــاتەواوە ژیــــان چــــیە مەبەســــتی؟
ســەری قــورس و پێــی پەتــی، ژینــی دەرد و مەینەتــی
بەختــی ڕەش و نەگبەتــی، چــاری نــایە بە مەســتی
چــاوم چــاوگەی ئەویــن بــوو، مەلــی فێرەفــڕین بــوو
دژی نزمــی زەمــین بــوو، پێــی شــوورەیی بــوو پەســتی
پەڕ و بــاڵی پڕووکانــد، هێــزی هەســتانی لــێ ســتاند
ئاســۆی ســەرنجی خنکانــد، زەمــانەی غەمپەرەســتی!

# داتاشین

تیشک،
تەمگرتوو
ئاسۆ
وێڵی ڕەنگێکی لێڵ
دارتێلەکانیش
بەڕیز بەڕێوە ...
باڵات بچووکتر دەنوێنن
ڕێگا و
نسێ و
زەمان
لە بوونت دادەتاشن
تەم و
دارتێل و
ژیان!

# یاد

دڵی من وەکوو باران
نمەنمە دادەباری
ئێوارە کە ڕێگاوبان
لەبەر ترپەی پێی ئەتۆ
تەڕ دەبوون
کە تاڤگەی دەنگت
دەڕژایە ناو دۆڵی گیانەوە
لە دڵی منا
ناقووسی هەموو کلیساکان
تێکڕا دەکەوتنە لێدان ...!
زایەڵەی یادت بوو
دەزرینگاوە
لەناو زەنازەنای بازاڕ
ئێوارە کە دادەباری
باران
نمەنمە
وەکوو دڵی من ...!

# هێز

چاوەکانت دەم سوورێننەوە
لەسەر ئەم مەداری نەهاتە
وەکوو
هەسارەیەکی شەیدا
دەستەکانت
بەڵام
دەم دوورنەوە
بە ئاسمانی ئەم وڵاتە
بۆ هەتاهەتا !

# بۆنی بەیبوون

ئاوێتەی ڕۆژئاوا ...
زەردی زەردەپەڕ دەگرێ دڵم
ئێوارە
دەشێوێنێ ئاسۆی دوورم
پەرۆشێکی نارنجی ...
لە هەر چوار لاوە
گژەبا
هەورەکانی دڵتەنگی ڕادەماڵێ
بەرەو ئاسمانی سینە و
تەنگی گەرووم دەتاسێنێ
شەوانە،
مانگ
بۆ سیمای ونبووی خۆی دەگەڕێ
لە چاڵاوەکەی تەنیایی مندا!

ئاوێتەی دڵتەنگی ...
دەڵێی لە خومی پاییز دراوە دڵم
بەرامەی بارانێکی نامۆیە
دەڕژێتە نێو هەستم
دوێنێ و پێرێکەی ئەمن و تۆیان

لەسەر نووسراوە
ئەم زەردەگەڵایانە وا بەردەبنەوە و
دەبنە پێخوستی ڕێبواران
تۆ بڵێی گەڵایەکی هەستم
جێ نەمابێ لەتوێی
دەفتەری یادداشتەکانی شەوانەی شاعیرێکدا؟

ئاوێتەی غوربەت ...
بۆنی بێدەنگی دەگرێ دڵم
بێکەسی،
دەبێتە بەرگی بەرم و
ئاوارەیی لە پێم دەکا
وەک پێڵاوی پیاسە
ڕەشەبا، ڕۆژەکانی تەمەن دەپێوێ و
شەوانەش تەنیا
خۆم لە بیرەوەری وڵاتێکدا دەبینمەوە
کە خەریکە بۆنی بەیبوون و هەڵاڵە
لە بیر بکا...!
پاییزە، نامۆییە گوڵم
غوربەتە، تەنیاییە مەنزڵم
دەتوێتەوە ...
دادەبارێ ... دادەبارێ دڵم...!

# دارستانی دەستەهەڵواسراوەکان

بۆ کوێم دەبا؟
بۆ کوێم دەبا؟
ئەم چارەنووسە بێ لەغاوە
گیان، گلاراوی
کام دەشتی درۆ و
هەناسە، هەڵداشتەی
کام هەڵەتی ڕژدی ژین دەکا
دڵی داماو، بێ داڵغە
دەسخەڕۆی دەستی دەمامک و دەهۆ و
سەری سەرسام، بێ داڵدە
لەبن چەتری غەدری دایک و مامۆ
بەرێی جولجەتای کامە ئەوین دەکا؟
وا ئەوین ...
لە بارەگای کیبریایی یەزدان
کەوتە خوار و
بەدەم دەنگۆی هەندێ ژنەدۆمی دەمڕووتەوە
بوو بە گاڵتەجاڕی
گشت هەرزەکاری شار
ساڵگاری تەمەن

هەموو بەرگەکانی هەڵوەرین و
بەدەم ڕەشەبای ڕۆژگارەوە
کەوتنە
قووڵکە و چاڵ و قوژبنی نادیار!
بۆ کوێم دەبا؟
بۆ کوێم دەبا؟
ئەم چارەنووسە بێ لەغاوە
بۆ کوێم دەبا؟
وا ژیان
دوایین خەڵووزەکانی دامرکا
مەرگ
تەپڵی بێ ئامانی خۆی کوتا
ڕێگە ڕاهات
بە هەناسەی بێ تاسەی ڕێبواران و
بێ چرکە
زەمان
بە سینگی دیواری نەفرەتەوە
داکوترا
بۆ کوێم دەبا؟ بۆ کوێم دەبا؟
ئەم چارەنووسە بێ لەغاوە
بۆ کوێم دەبا؟
ئاخۆ کەنگێ
گوللەیەکی وێڵ

ئامانجەکەی دەپێکێ
لە کۆڵانێکی بەربەستی پڕتەنیاییدا؟
کەنگێ ڕنووی ڕک و کین
بەسەر ڕووحدا هەرەس دێنێ
لە تراوکەیەکی دوورەدەستی پڕئاشناییدا؟
بۆ کوێم دەبا؟ بۆ کوێم دەبا؟
ئەم چارەنووسە بێ لەغاوە
بۆ کوێم دەبا؟
ئاخۆ کەنگێ
قۆڵ دەبێتە پەتی قەنارە و
سەری ڕاماو
بەرەو دارستانی دەستە هەڵواسراوەکان
هەڵدەبڕێ؟
کەنگێ
خوێن لە ڕەنگ و بۆی خەستی خۆی
دەبێتە غەوارە و
سینگی بە ناراو
بە خەنجەری خەیانەت هەڵدەدڕێ؟
چاوەڕێی ئەم چارەنووسە بێ لەغاوە
ئاخۆ کەنگێ ....؟!

# بوون و نەبوون

هەڵوەدای نێو هاڵاوی هەناسەت ...
نوقمی نهێنییەکانی خودا ...
لە بوونت
ڕادەمێنێ دڵم
لە نەبوونت
دادەخورپێ
تەنیاتر لە مەرگ و
تاوانبارتر لە زەمان
وەک دوندێکی سەربەتەم
لەئاست ڕاستی
لەتاو بزر کردنی ئاسمان !

# شنیان

ئەتۆ شنیای و
دڵی من
بەدەم شنینەوەی پێکەنینی تۆوە
کەوتە ناو
مەتەڵۆکەی مەدارێکی بێ پسانەوە
ئەتۆ شنیای و
دڵی من
بەدەم کەروێشکەی لەنجەولاری تۆوە
کەوتە ناو
شەپۆلەکانی گەرداوێکی بێ ئامانەوە
دڵی من
وەکوو
وردەماسی ناو حەوزەکان
-ڕوحسووک و سادە-
هەر ئەویندار ئەو دەستانە بوو
وا لە سێبەریان دەترسا و
وێنەکەی تۆی پێ تێکدەچوو

-ڕوحسووک و سەرخۆش-
هەر لە خەرمانەی ئەو مانگە دەهاڵا
کە تریفەپۆش
دەگەڵ خەیاڵی تۆ دەکەوتە سکاڵا
دڵی من
وەکوو باران
نەرم و هێدی داباری
وەکوو زەنگی کلیسا
کەوتە زرینگانەوە
کە تۆ شنیای و
بلووری بزەت نواند
وەکوو دەنکەکانی هەنارێکی درزبردوو
ورد و
دانە دانە
پژایە سەر مەڕمەڕەکانی حەوشەی زەمانەوە!

# ژیان

شەو
لە چاوەکانتدا ون دەبوو
لە سەرپەنجەکانتەوە
باران دادەباری ...
پۆلێک ڕووناکی
لە هێلانەی سینگتەوە
هەڵفڕین و
لە ئاسۆی لێوەکانتەوە
ژیان هەڵات !

# سات

قەتارێکی دیکەش هات و ڕۆیشت ...!
ژیان
لە باوەشی تۆدا
هەر درێژ و درێژتر دەبوو ...
لە شەوی چاوەکانتدا
مەرگ
بێ داڵدە و پەنا
دوورتر و دوورتر دەکەوتەوە ...
قەتارێکی دیکەش هات و ڕۆیشت ...!

# ناو

گڕ دەگرن، گلێنەکانم
لە گۆ دەکەوێ، زمانم
تەزوویەک
داگیر دەکا گشت گیانم
کاتێ گەرەکمە هەموو بزانن
کە تۆ
تژی هەتاو و خەون و بەیانی
کە تۆ
گەلێ ورد و ژیکەڵانە و جوانی
نیگام
بە گوڵووک و پەلکەڕەنگینە دەخەملێ
زارم
بۆنی بەیبوون و بارانە دەگرێ
کاتێ گەرەکمە
نەرم و هێدی تژی ترپە و گۆرانی
لای ئەوانی دی
ناوت بهێنم
زۆر بە نیانی ...!

# دواهەنار

دەستەگەرمەکانی هەتاو
-بە درێژایی ئەم ڕۆژگارە-
هەنارەکانی هەوێڵی هاوسێکەمانی
پڕ کردووە لە تەنیایی

من،
خەریکە دڵم درز دەبا
وەک
ئەم هەنارە هەڵگەڕاوانە
لە تەنیایی ئەم پاییزەدا
گژەبا
هەموو گەڵاکانی داڕنیوە
سەرنجم ئەمما
- بە درێژایی ئەم ڕۆژگارە...-
- تۆ بڵێی
دراوسێکەمان ئەو ڕازە نەزانێ؟-
لەناکاو
دەستێک دێت و

دارەکان ڕادەوەشێنێت
هەناری دڵم بەردەبێتەوە و
سەرنجم
شێتانە ڕادەکا
منداڵان
لە کۆڵان
هاواری
هەناری هەرزانیانە و
گژەبا دێ
گژەبا دێ و
گشت شتەکان
دەپێچێتەوە ...
گژەبا دێ و
ڕازی تەنیایی من و
ئەم دواهەنارە
لە ناخی ئەم پاییزەدا
بۆ هەتاهەتا دەشارێتەوە!

# تراژێدیای تەنیایی

تورت و پڕووکاو
تەرە و پەشۆکاو
بەتەنیا
لەبەر ڕەهێڵە
بەتەنیا
لەبەر ڕنوو
بەتەنیا
لەبەر باران
نوقمی نامۆیی و گومان
شەوارە لەبەر تیشکی چراکان
بەتەنیا
لەبەر تەرزە
بەتەنیا
لەبەر تاوان
بەستەزمان و ڕاماو
بێدەسەڵات و داماو
دەسخەڕۆی دەستی دەوران
چاوەڕێی چارەنووسی دۆڕاو
لێڵ
لەبەر باران

تەنیا
لەناو مژودوومان
تورت و پڕووکاو
تەرە و پەشۆکاو
بەتەنیا
لە هەمبەر ژیان
بەتەنیا
لە هەمبەر هەموان!

# شەوانە

ئەستێرە دەجریوێنن شەوانە بە حەواوە
بەندی دڵ دەلەرزێنن بەو سووسە و چاوەڕاوە
مانگەشەوی ڕووت هەڵدێ بە ئاشکرا لە ئاسمان
ڕووی وەک مانگەشەوی تۆ خەرمانە دەوری داوە
شنە خۆی دەئاڵێنێ لە بەژنی دار و شینکە
شانەی بە پەلکی هەور و پرچی شەوا کێشاوە
لە تاریکی ئەم دۆڵە، لە بێدەنگی ئەم چۆڵە
سرتە و جریوەی ژوانە خەوی شەوی ڕاونەاوە
ئاگری سوور نەراوە بۆ کێو وەک چرای چاوە
کوێستان لە کاتی خەویش هەر بە پێوە وێستاوە

# تەرحی داهاتوو

هێڵێک ڕابردوو دەبات
هێڵێک ڕووناکی دەهێنێت
نسێیەک لە بوولێڵدا نوقم دەبێت
نیشانێک
هەتا دوو بەیانی دیکەش هەر دەمێنێت
مەدارێک هەموو سەرنجەکانت وێڵ دەکا
خاڵێک هەموو دەورانت دەبەستێتەوە
هێڵێک ...
لەسەر دەستی ژیان دەتوێتەوە
خەونێک ...
بەرەوڕووی ئەبەدییەت دەبێتەوە
چەتری برۆکانت
کە سێبەریان
لەسەر بوون و نەبوونم هەڵداوە و
نێوچاوانی بەرزت
کە لەئاست ئاسمان و چارەنووس ڕاوەستاوە
چاوەکانت
کە تاریکی ڕۆژگارم دەنوێنن و

دوو هێڵی کۆم و لار ...
بەڵام نا ... نا
قەڵەمەکەم دادەنێم
وێنەکەت ناکێشمەوە ئەمجار
تەرحی داهاتووم تێک نادەم
شێوەی بوونم ناشەمزێنم
حەز ناکەم
سیامەشقی هەڵە و ناڕاستی بکەم
حەز ناکەم
پەپوولەئاسا لە خاچی دەفتەری شێعرێکت بدەم
پێم خۆش نییە
شوێن و کات، هەست بە بوونت بکەن
باران و با، دەست لە شێوەت وەربدەن
پێم خۆشە هەروا- نەرم و هێدی-
وەکوو خۆت
هەستی زەمان بخووسێنی
وەک هەمیشە
سەرنجی ساتەکان بڕفێنی
پێم خۆشە خۆشەویست و دەلال
وەکوو خۆت بمێنی
ڕووناک و درەوشاوە
وەک هەمیشە، وەک ئەوین و ئەبەدییەت بنوێنی ... !

# چارەنووس

لە شوێنێکەوە
درەنگ یا زوو
دەبێ بگەڕێمەوە
لە شوێنێکەوە دەبێ
بەری ئەم هەموو تاوانە بگیرێ
درەنگ یا زوو
دەبێ
پێوەندی ئەم گشتەهەڵەیە بپچڕێ
تاکەی
تاوانی هەڵەی مێژوو
هەڵەی کۆمەڵ و
کەسوکار بدەمەوە...؟
نابێ هەروا
دەستەوئەژنۆ دابنیشم
دەبێ کارێک بکەم
لە شوێنێک

ڕاوەستم و
ئاوڕ لە دواوە بدەمەوە
درەنگ یا زوو
چارەنووسی نووسراو
لە ڕوخسارم بسڕمەوە
ناکرێ بۆ هەتاهەتا
بەسەر بەندی هەڵەی ئێوەدا بڕۆم
لە دەراوی دەمی ئەوان بخۆم
دەبێ ڕێگای خۆم
داهاتووی خۆم
چارەنووسی خۆم
بە دەستی خۆم
سەرلەنوێ بنووسمەوە
دەبێ بڕۆم
ئەو چارەنووسە هەڵەیە
لە ڕوخسارم بسڕمەوە
دەبێ بگەڕێمەوە
درەنگ یا زوو
لە شوێنێکەوە ...!

# گەڕانەوە

ئەگەر تا ئەو ڕۆژە،
هەناسەم بتوانێ لەناو خۆیدا
شنەی شەماڵ و
بۆنی جێژوان
هەڵبگرێ ...
ئەگەر تا ئەو ڕۆژە
دەنگم بتوانێ لەناو خۆیدا
قاسپەی کەو و
هاژەی ڕووبار
هەڵبگرێ ...
ئەگەر تا ئەو ڕۆژە
بارانی غەریبی
دوایین پشکۆی
ژێر چەتری ئەوینمی
دانەمرکاندبێ
لافاوی تووڕەی ناهومێدی
ئاخرین ئەستوندەکی
گیانمی
تێک نەقرماندبێ
من هەر دەگەڕێمەوە

دەگەڕێمەوە ئەو ڕۆژە و
چاوەکانم
بە دیتنەوەی نیشتمانەکەم
دیسان هەڵدێتەوە
دەگەڕێمەوە ئەو ڕۆژە و
دایکم
لە گڵۆپی زەردی چاوەکانمدا
بێکەسی مات و
تەنیایی کەسیرەم دەدۆزێتەوە
جلوبەرگم
هێشتا
بۆنی بەدفەڕیی منداڵیان لێ دێ و
ئەو کوڕەلاسارەکەی دوێنێی خۆی
دەناسێتەوە
گەلێک هەستی ئاوریشمین
هەڵدەبەستین پێکەوە
گەلێک وردەنیگا و سەرنج و
بزەی زەرد و سوور
دەگۆڕین پێکەوە
ئینجا ڕۆدەنیشین
کە ڕۆنیشتین
بۆ دایکم و دەستەخوشکانم
بۆ کچانی چاوڕەشی نیشتمانم

باسی غوربەتی خۆم و
ئاشنایەتی تۆ دەگێڕمەوە
پێیان دەڵێم:
لەوێ، لە غوربەت
لەپاڵ پیرێژنی مەرگ
کە هەموو شەوێ
تاریکی و تەنیایی
بۆ دەکردم بە بەرگ
کچێکی چاوگەشی بێگانە
ئاشنای چاوەکانم
ئاشنای پێکەنین و گریانم بوو
پێیان دەڵێم:
لەوێ، لە غوربەت
لە دوورترین دوورگەی دونیا
لە تاڵترین تاراوگەی تەمەن
کچێکی دەست و دڵ ناسکی بێگانە
وەکوو تۆ دایە
شەوانە بێشکەی ئازارمی ڕاژاندووە
تەمی تاریکی و تەنیایی
لە تەنیشتم تاراندووە
فرمێسکی ماتی غەریبی و
غوباری خەستی ماندوویی
لەسەر ڕوخسارم ڕەواندووە

دایە ئەو شەوانە
ژووری تەنیامی
پڕ لە جریوەی چۆلەکە و
قاسپەی کەو و
گمەی کۆتر کردووە ...!

بەڵام ...
ئەی کچی چاونەرمی بێگانە
من ڕۆژێ هەر دەگەڕێمەوە
وا نەزانی کە سپڵە و دەسخەڕۆم
ببوورە کەوا غەریب و تەنیا دەڕۆم
من هەر لە منداڵیمەوە
لەوێ، لەبن بەردێ
دڵم بەجێهێشتووە
ئەی دەست و دڵ ناسکی بێگانە
وا نەزانی کە سپڵە و دەسخەڕۆم
ببوورە کەوا غەریب و تەنیا دەڕۆم
من هەر لە منداڵیمەوە
لەوێ، لە ئاواییەک
دڵم تێکەڵ بە خیزەڵانی
کانیاوان کردووە!

# ڕەگ

مانگ تەنیا
ڕەنگێک
لە هەتاوی نیشان داوە
سبەینێ
ئەوی دەمێنێ؛ هەر هەتاوە!

# ئەوان ناتوانن بتدۆزنەوە

لە کەلەبەری
کات و شوێندا
دەتشارمەوە
لەناو چرکەچرکی زەمان ...
لە پەنا و پەسیوی پەیڤەکانا
حەشارت دەدەم
لە بێدەنگی بنی زمان ...
ئەوان ناتوانن بتدۆزنەوە
دەستیان پێت ڕاناگا
لە هاڵاوی هەناسەدا
هێلانەت بۆ چێ دەکەم
لەناو ترس و تاسە و دڵەخورپە
بۆت لە بواری
گڕ و بڕوا دەدەم
بە ڕێگەی ئەوین و ئازادیدا
دەتپەڕێنمەوە ...
بەناو دەمارەکانمدا بەڕێت دەکەم

لە بەرامەی بارانت دەپژێنم
لە بۆنی بەیبوونت وەردێنم
لە بیرەوەری بەهارا دەترووێنم
بە باڵی بەیانەوەت دەلکێنم
ناهێڵم
ئەوان دەستیان پێت ڕابگا
نەفرەت
دەکەمە پەرژین و دیوارت
ئەوین بە ئاوەدانی و شارت
ئەوان دەستیان پێت ڕاناگا
من تۆم لەناو
گریان و گاڵتە و گۆرانی
لەناو گەرای ژین شاردۆتەوە
تۆم لەگەڵ ڕووناکی و
ئەبەدییەت و زەمان خواردۆتەوە
ئەوان ناتوانن بتدۆزنەوە
دەستی زۆرداری
چەندی درێژ بێ
ناگاتە ئاڵای دڵداری
باڵای بڕوا
گەلێک لە هاواری مەرگ بڵیندترە
ئاڵقەی ئەوین
لە کۆت و زنجیر گەلێک توندترە

ناهێڵم
ئەوان دەستیان پێت ڕابگا
بۆ هەموو شوێنێک
لەگەڵ خۆما دەتبەم
بۆ پرسە و نێوشار و ژوان
تەختی خەو
ژووری تەنیایی و
تەنانەت بۆ بەر باران
لەناو هەموو شتێکا
جێگات بۆ ڕادەخەم
لەناو پەیڤ و
هەناسە و ساتەکان
ناهێڵم
ئەوان دەستیان پێت ڕابگا
من ناوی تۆم
لەسەر تەوێڵی مەرگ و
دڵی داربەڕوودا هەڵکۆڵیوە
چارەنووس و داهاتووی تۆم
لەسەر دەستی خەڵک و
لەناو دڵی خودادا بینیوە!

# خەونێکی دیکە

بەیانی،
لەسەر دەستی خەونێکی دیکە
لە خەو هەڵدەستم
بەرەو ئاسۆیەکی دیکە
دەڕۆم و
هەڵبەستێکی تازە
هەڵدەبەستم
ئەورۆکە هۆدەکەم
بە ئاوریشم و هەودا
تەنراوە
ئاسمانی کەوە
وەک بانێکی بەرپیوار
لەسەری وێستاوە
ئەوە خەونە یا درۆ؟
شەوە یان ڕۆ؟
تۆمەز
خۆم یان زەمانم لێ گۆڕاوە؟
بانگی باب و برا
دایک و دەستەخوشکانم دەکەم
دەنگم بۆ خۆم دەگەڕێتەوە

بۆ سۆڵەکانم دەگەڕێم
دەگەڵ جووتێک سۆلی دیکە
ئاڵووگۆڕی پێکراوە
هەر چەن دەکەم
ناچنەوە پاڵ یەکتر
لە حەوشەکەمان
پیرێژنێک
دێت و دەچێت
لێوەکانی دەکرۆژێ و
سۆڵەکان جووت دەکا
پرتە و بۆڵەیەتی و
دەنگ لە گەروویدا تاساوە
سەرسام و پێپەتی
بەرەو دەرکە ڕادەکەم
لەبن پاسارەکەی سەردەمی منالّی
ژنێک ویستاوە
بەرەوڕووم دێ و باوەشی بۆم دەکاتەوە
خەرمانەکەی دەوری ڕووی
لە خەرمانەکەی مانگی ڕوخساری دایکم دەچێ
بەڵام ڕەنگ وورووی ... !
ئەوە مەرگەجارە یا کارەساتی ژین
ئەوە نەفرەتە یا عیشق و ئەوین
تۆمەز دنیا

تەنانەت ژیانم لێ گۆڕاوە؟!
ئەو بەربەیانە
لەسەر دەست خەونێکی دیکەم پێیە
لەو سەرانە هەتاویکی دیکە هەیە و
لەو نزیکانە ڕۆژێکی نوێ بەڕێوەیە
تازە ژیان
ئەو ڕاستەڕێیەی جاران نییە
کە پێیدا دەڕۆیشتی
ئێستە ژیان
ئەو خەونەڕاستەیە کە تۆ وەدی دەهێنی
ئەو خەیاڵە دوور و درێژەیە
کە تۆ دەیخولقێنی
بە هەر چەشنێک
بە هەر چاوێک
لە ژین بڕوانی
بەو چەشنە
بەو چاوە دونیا دەبینی
ئەوڕۆکە خەونی ڕێگا
خودی ڕێگایە و
خەیاڵی چوون
بوونی لەدوایە
وەهمی دۆژەهـ
سووتمانە و

وەهمی بەهەشت
سەوزەڵان ... !
دۆڕاندن و سەرکەوتن
لە دەروونی تۆ دایە و
چارەنووس و چاوەزار
لە کەشکەڵان ... !
ئێستا چیت گەرەکە
ژیان ئەو شتەیە
گریانە یان پێکەنین؟!
گاڵتەیە یان گەمەیە؟!
ئەو بەربەیانە
لەسەر دەست خەونێکی دیکەم پێیە
لەو سەرانە هەتاوێکی دیکە هەیە و
لەو نزیکانە ڕۆژێکی نوێ بەرێوەیە ...
ئەو بەربەیانە ...

# ژوان

لە بیرم بێ
دەفتەری دڵتەنگیم بێنم و
سۆڵەکانی غەریبیم بکەمە پێ ...
دەستی بێکەسیم بگرم و
لەگەڵ تەنیایی بکەومە ڕێ ...
لە بیرت بێ
پەرۆشەکان
بپێچییەوە لەناو پریاسکەیەکدا
دڵەخورتەکان
لە سووچێکی بەردەست دابنێی و
حەز و ڕازەکان
بشارییەوە لەناو سەرنج و سیما
لە بیرم بێ
نامەکەت بنێمە توێی دڵم و
ناونیشانت لەسەر تەوێڵم بنووسم
یادت بە بەرامەی باران بسپێرم و
هەرگیز هێڵی گۆناکانت
بە کێشانەوە نەشەمزێنم ...
لە بیرت بێ
ژوانێکی نیانم بۆ بێنی و

چەترێکیش بۆ بێکەسیم
قرتاڵەکەی نیگاشت
هەمیشە پڕ بێ
لە سێوە لاسوورەی ئەوین و
هەناری قەڵەشیوی هەست و
هەتاوی ئیمان و بڕوا ...
لە بیرم بێ
باغێک بیرەوەریت بۆ بگێڕمەوە
تەکمیشێکی خۆزیاکانت بکەم
پرچی ئاواتەکانت دابهێنم و
لە سینگی خۆشەویستیت
گوڵی بەختەوەری بدەم
خۆشەویستی نەکەمە داوی دیلیت و
سەربەندی ڕزگاریت بێ ئەوینم
لە بیرت بێ
هەرگیز بەتەنیا جێم نەهێڵی
لە بیرم بێ
بۆ هەمیشە، تۆم
هەر لە بیر بێ ... !

# ئەرک

دە زریبێاری زێڕینی تاودا
دەیشووشتن پەلکی دارەکانی
به ڕۆژ و
له شووشەی تیشکی دەگرتن
گەڵاکان و گوڵووکەکانی ...
شەوانەش تا درەنگان
وردەحەزی سپی دەهۆندەوە و
دەیدا
له سینگی سبەینێی ساواکانی
تا ئەرخەیانیی سروەش
خەوی سووک نەدەکرد
قەت چاوی له ئاسۆ
تاریک و دوورەکان
هەڵنەدەگرت
باغێک ئاوا بوو بۆ دارەکانی ...
پەرژینێک
شەو و ڕۆژ
-بە گیانی دڕکاوی و دڵی دەرزیئاژن-
دەپەرژایە سەر
گوڵ و پنچکەگیا و دەور و دووکانی

دەبوو بە چقڵی چاوی نەیاران و
دەیپاراستن لە پێشێلی
پشیلە و گورگ و ڕێوی
باغچە و بێستانی ...
پارووی نێوزاری خۆی گل دەداوە
مەلێک و
لە ترسی چنگی هەڵۆ و باز و
چەپۆکی لەناکاوی
چارەنووسێکی برسی
پەڕوپۆی دەکردە چەتر و پەنا
بۆ زەرنەقووتەکانی ...
وڵاتێکیش
دەستی
بە سنوورەکانیدا دەهێنا و
تا لە سرووشت
دڵنیا نەدەبوو
خەو نەیدەبردەوە
کە دەخەوتیش
دەبوو بە هەور و
بۆ سەردان بە ئاسماندا دەهاتەوە ...
ئەمنی بێوڵەتی بێوڵاتیش ...
شەوانە
تا سرووشتم لە خەو نەدەکرد

تا سنوورەکانم نەدەگوازتەوە
دڵنیا نەدەبووم
ئەوسا
ئێوە و
هەموو کوردستانم
لەتوێی ئەندێشەیەکما دەپێچا و
دەنووستم
بەربەیانیش
بە گەرووی گۆرانییەکی سەوزدا
هەموو باغ و پەرژینەکان
هەموو مەل و ئەشکەوتەبەردینەکان
هەموو سنوور و ساواکانم
ئێوە و
هەموو کوردستانم
سەربەست و ئازاد
هەڵدەفڕاند
لە ئاسمانی خەونەکانم ... !

# ئەو شەوە مانگ چی دەگوت

ئەوشەوە زریبار،
هەموو شەپۆلەکانی هەڵبڕی
سەدەفەکانی ناودڵی شاردەوە و
وردەماسییەکانی
بەڕێی دەریادوورەکان کرد ...
لەسەر دەستی وان و ورمێ
بەستی هەناسە و
عیشق بەتەنها
لە بێشەڵانێکی تەمگرتوودا
ڕایدەکرد بۆ هەر لایەک ...
ئەوشەوە دارستان
خۆی بە داوەڵ داپۆشی
هەموو ئاژەڵەکانی
لەدەور یەک کۆکردەوە و
بە توولەڕێی برووسکە دا
گەڵا کەسکەکانی
لە ژووانی شەوانە دەگەڵ شەوبا
گەڕاندەوە
لە بناری نەبزووتن و بێدەنگیدا
سرووشت

بۆش و بەتاڵ دەبوو لە بوون و
بەتەنها مەرگ بە هەڕڕ و گیڤ و هەرا
لە پێدەشتی ژیندا
دەکەوتە ملوومۆ ...
شەوانە ئاسمان، لە ڕێگەی سنوورەوە
پەڵە پەڵە، هەورەکانی پەڕاندەوە
چەم و ڕووبار، ئەم وڵاتەیان بەجێهێشت و
لەناو گلێنەی چاوەکانی سولەیمانی و مەهابادیش
ئەسرینی ئەوین و ئازادی پەنگی دەخواردەوە ...
هەر ئەو شەوە
دۆڵەکان پڕ بە تاریکانی گەروویان
هاوار و زریکەیان لێ هەستا
مەلەکان بە تاسەی هەڵفڕینەوە
بێ باڵی سەربەستی و سبەینێ
سەریان دەناوە
دوای ئەو شەوە...تۆ بێرەدا نەهاتی
باران-تەنانەت- ئاوڕی لێرە نەداوە ...
ئەوشەوە مانگ
بەسەرهاتی چی دەگێڕاوە
بۆ تریفە و کانی
ئەو شەوە مانگ چی دەگوت
پەریزادەی شازدەی مارس و
کەنیلەکەی نێو هەور و خەیاڵ و گۆرانی...!؟

# تابووتی دوێنێ

هەر بەو ڕێیەدا کە پێیدا هاتین پێکەوە
دەگەڕێمەوە
دەگەڕێمەوە و تازە ئیتر هەرگیز ئاوڕ نادەمەوە
دەچمەوە ناو تابووتەکەی تەنیایی دوێنێم و
بە ناخی حەسرەت و خۆزگەدا ڕۆدەچم
چاو لەئاست داهاتوو دەنووقێنم و
دەست لە بەرۆکی ئاسمان دەکەمەوە
دەگەڕێمەوە و تازە هەرگیز
نە باوەش لە ئەوین وەردێنم
نە خۆ لە بەژنی شنە دەئاڵێنم
نە مانگ و کانی ئاشت دەکەمەوە و
نە گەلەئاسکی ئاوات
لە چنگ ڕاوچیان دەڕەوێنم
با دۆڵەکان لە کپی و بێوازی خۆیاندا
هەر باوێشک بدەن و
ڕووبارەکان بێ مەبەست ڕێ بکەن
دەگەڕێمەوە هەر بەم ڕێیەدا

که بۆنی هەناسە و بارانەکەی دەنگتی گرتووە
هەر بەم ڕێیەدا
کە ئێستاش بۆنی سمڵی دەست و
یاسی سینەت لە خاک و خۆڵی نیشتووە ...
دەگەڕێمەوە بە کەنار ئەم هەموو یادگارە
کە لەسەر ڕوخساری ڕۆژگارم
بەجێماوە
بە کەنار کەلاوەی ئەم ئەوینە دۆڕاوە
کە بەسەر دڵ و گیانمدا
هەرەسی هێناوە ...
دەگەڕێمەوە هەر بەم ڕێیەدا
کە پێیدا هاتین پێکەوە و
دەچمەوە ناو تابووتەکەی تەنیایی دوێنێم
ڕادەکشێم
سەر دەنێمەوە سەرینی تەنیایی و
لەپاڵ سۆبەی ساردی حەزەکانم
بە بێدەنگی و بێ مەرگی ڕادەهێم ...
دڵم دەنێمە ناو بێشکەی ئازارەکان و
قوفڵی ئەم تابووتە قایمتر لە جاران
کلۆم دەکەم
کلیلی ئەم ڕازەش بۆ هەتاهەتا
لەبنی هەست و زمانمدا
حەشار دەدەم.

# بمکە بە نیشتمانت وەک تازەکۆیلەدارێ

شێتخانەکەی دڵی من شەپۆل دەدا بەجارێ
دەستت لەبۆ دەگێڕێ و بەئاستەم دێتە خوارێ
دڵ پێ دەنێتە پەیژەی پرچی شەوی درێژت
دەستی تکا هەڵدێنێ و لە مانگی ڕووت دەنواڕێ
شنەی هەناسەت دێت و لەم دەشتە دەمپژێنێ
ئەوسا دڵم ڕادەکا ... هەروەکوو شێت و هارێ
بەجووت دوو ئەستێرەی ڕەش هەڵدێن بە رۆژی وا گەش
کەس سیحری وای نەدیوە .... لە هیچ دەور و ڕۆژگارێ
ڕووژەی بزەت سەرەتا ... هەناری دڵ لەت دەکا
پەپوولەی نازت لەدوا دەگرێ گۆشەی گوڵزارێ
واڵایە باوەشی من ... ئاڵایە ئامێزی تۆ
بمکە بە نیشتمانت وەک تازەکۆیلەدارێ
بەرگی غەزەل دەدوورم بۆ بەژنی گوڵزراڤت
نازناوی بەرزی جوانیت تاکوو دەگاتە شارێ

# کەنیلە

کەنیلە
بەناو مەزرا و مێرگوڵاندا هەڵدەهات
هەتاو
باسکی ڕووتی ڕادەخست
بۆ بسکی بڵاوی
شەماڵ
دەستەوداوێن
بەدوایدا دەهات و
تیشک دەئاڵا
لە بەژنی زراوی
کەنیلە
بەناو مەزرا و مێرگوڵاندا هەڵدەهات
لە بەرۆک و باوەشیەوە
بۆنی بەیبوون و بیرەوەری
بەسەر پێدەشتا دەپژا
سروە
هەناسەی سییەکانی

هەڵدەمژی و
سروشت
کەیلی سەرمەستی
ئەوین و ئازادی لێ دەڕژا
کەنیلە
بەناو شینکە و سەوزەڵاندا
هەڵدەهات
جاڕەگەنم دەشنایەوە
لەبەر کەرویشکەی لەنجەولاری
کە وەرزێر
ویستی ئارەقی سەر تەوێڵ و
سینگی تووکنی
بە سروەی هەناسەی بسڕێ
درویێنەوان
دەستی دایە داسی سەرنج و
کەوتە درویێنەی
دڵۆپەشەونمی ناز و نیگای ...
لە کلۆریی ناو پیرەدارێکەوە
من چاوم تێوەبوو
کەنیلە،
بە ناو بێشەڵاندا هەڵدەهات!

# هەستیار

ئاسمان بەدوای
نووک و نەهایەتی خۆیدا
وێڵە لە نیگاما
کاتێ کە تۆ هێشتا
پشتی نەهاتت نەشکاندووە
مەلەکان
لە هەموو لاوە
هاتوونە ئێرە
چ جریوەجریوێکە
لەسەر لەپی دەستەکانم
کاتێ کە من هێشتا
بەرکۆژەی
ئەو کراسەم نەترازاندووە
وشەکانم
چ بەڵایەکیان بەسەرهاتووە
کەوا بڕوایان

بە ڕستەکانم نەماوە
پیتەکانم بۆچی
لە ئاڵقەی وشە دێنە دەرێ
چۆنە کەوا
هەر یەکە بۆ خۆی سەرمەست
دەچریکێنێ
بە هەزار دەنگ و
دەپشکوێ بە هەزار ڕەنگ
لێوم خۆ هێشتا
لێوەکانی تۆی هەڵنەمشتووە ...
لێگەڕێ با
لەپی دەستەکانم
هێمنترین هانا بێ
بۆ ئەو باڵندە لانەوازانە
مەهێڵە ئاسمان چیدی
وێڵ بێ لە نیگاما و
لێگەڕێ با
زارت ماچ بکەم جارێ
تا خەڵکی دیسان
باسم بکەن
ناوم بەرن وەک
هەستیارێ!

# گڕی بوون

گـــــــــــوڵەکەم! وا دڵەکەم داخورپـــــــــــا
بە بــــــزەت، هەســــــتی دەروون داکورکــــــا
بە دەســـــــی پـــــــڕ کە چەمـــــــۆڵەت لێنــــــام
گــــــڕی بــــــوونم وەکــــــووژاو دامرکــــــا

# بانگەشە

بەیان
بانگەشەی ڕووناکی دەکات
ئاسمان
بانگەشەی باڵندە و
چاوەکانت
بانگەشەی شادی
لەبەر دەرگانەی مەرگدا
ئێمەش، بانگەشەی تۆ دەکەین
ئەی ئازادی!

# تەنیا ئەوین پێشەنگە

زوو کە هەستە درەنگە

تێکۆشە کاتی جەنگە

بەیانە ڕۆژ ڕووناکە

ئاسۆ ئەمما دڵتەنگە

هەژاریە و بەدبەختی

زۆرداریە زەبەنگە

شەیتانە بۆتە ڕێبەر

خوداش حەتتا دڵتەنگە

شەڕابی خوێن دەخۆن وان

وازیان لە ژار و ژەنگە

دنیا بۆتە کەلاوە

تژی شین و شەرەنگە

ژیان هەموو ئاژاوە

ئاسوودەیی بێدەنگە

عیداڵەت هەر ناوێکە

دوو هاوچەشن هاوسەنگە

بەرابەری کوا هەیە؟

درۆیە یا جەفەنگە؟
بۆتە هەتاومان نەفرەت
خۆشەویستیش ئاونگە
درۆ بۆتە باوی ڕۆژ
دز خاوەنخوان و ڕەنگە
ڕاستیش تاڵ و تەنیایە
منداڵێکی دەبەنگە
گەر پێت خۆشە ڕزگار بی
تێکۆشە کاتی جەنگە
ئازادی زۆر لاسارە
یارێکی شۆخ و شەنگە
هیوا هاندەری ژینە
ئامانج وەک شیلەی هەنگە
ڕێگاکەت ڕێنومایە
تەنیا ئەوین پێشەنگە
پێنووسەکەت ئاڵایە
ئەندێشەکەت تفەنگە
دەستی یەکتری بگرن
دووبەرەکی زۆر نەنگە

خەبات بکەن بۆ وڵات

کوردستان مات و مەنگە

***************

زوو کە هەستە درەنگە

تێکۆشە کاتی جەنگە

بەیانە ڕۆژ ڕووناکە

خەونی ئاسۆ گزنگە

# ڕاوەدووی خەونەکانت دەنێن

دەست دەنێنە ناو دەستت و
کەڵپ و ددان لە دڵت وەردێنن
باوەشت بۆ دەگرنەوە و
خەنجەرەکەیان
لەسەر پشتت دەچەقێنن
باسی بەرابەریت بۆ دەکەن و
پارووی نێوزارت دەڕفێنن
بووکی ئازادیت بۆ دەنوێنن و
سێبەری هزرەکانت دەتارێنن
شوێنپێی هەناسەت هەڵدەگرن و
ڕاوەدووی خەونەکانت دەنێن
تەماح لە عومر و لە ژیانت دەکەن
تەماح لە ناموس و ویژدانت دەکەن
چنگ لە دڵت وەردێنن
ئابلۆقەی ژیانت دەدەن
هاشاوڵ بۆ خەوەکانت دێنن
پەلاماری بزەکانت دەدەن
سیپە بۆ سێبەرت دادەکوتن
شەو و ڕۆژ سێرەت لێ دەگرن
لەناو خۆشتدا لێت ناگەڕێن
لە پەستێوێکی تەنگت دەخزێنن

لەناو ناخی خۆتدا دیلت دەکەن
گەمارۆی گۆڕەکەشت دەدەن
دەترسن دەترسن...
لە گۆڕەکەشت دەترسن
دەترسن نەکا شەوێک
لەناو خەوێک
کەسێک بەئاستەم سەربجووڵێنێ
بە ئاماژەیەک
درزی ڕووناکی بورووژێنێ
بە هەناسەیەک
دابێ ئەوین دابهێنێ
گەرای خۆشەویستی بخا و
تۆوی ڕزگاری بچێنێ ...
دەترسن دەترسن ...
لە ئاوەڕۆ و ئاودەسخانەکانیش دەترسن
لە دارتێل و داوەڵ و لە گۆڕەکانیش دەترسن
لە تۆ، لە هەڵم و لە هەودا
تەنانەت لە خۆیانیش دەترسن
" دەترسن نەکا
پشکۆیەکت
لەناو دڵدا حەشار دابێ
دەترسن نەکا
لەسەر لێوت

گوڵوشەیەک بەجێمابێ "[١]
وات لێدەکەن ئەگەر ڕۆژێ
توانیت لە سیمای خۆت بڕوانی
سڵ بکەی بێزار ببی نەتوانی
سەرنج و سیمات دەپشکنن
لە ڕۆژەکانت دادەتاشن و
هەموو نێودڵت هەڵدەکۆڵن
دڵ و رووحت هەڵدەکڕێنن و
لە عومرت کەم دەکەنەوە
سەرنج و هەستت دەڕووشێنن و
کەوڵت دەکەن
لێت ناگەڕێن
لە کۆڵت نابنەوە
تا ئەرخەیان نەبن
کە دڵت گۆڕخانەیەکی بێ تەرمە و
هیچی تێدا نەماوە ...
تا دڵنیا نەبن
کە دڵت سێوێکی کرمۆڵە و
لە ئاوەڕۆیەک فڕێدراوە ... !

---

[١] شێعری شاملوویە: دهانت را می بویند/ مبادا گفته باشی دوستت دارم
دلت را می پویند/ مبادا شعله‌ای در آن نهان باشد.

# ئاوارەیی

وشەکانم/ گشتیان
تەرە و ئاوارە بوون
تەرەی دەستی شێعرێکی نەنووسراو و
ئاوارەی هەستی
شاعیرێکی نوستوون!

# پشکنین

لەناو کەلێن و پەستێوی دڵما حەشارم داوە
چیتان لێم ئەوێ؟
چیتان لێم ئەوێ؟
ئێوە ڕەنگە هەر
چەن پارچەشێعرێکی سیاسی،
چەن پەڕتووکێکی قاچاغ و
تەنیا چەن وێنەیەک لەم و لەوتان دەسکەوێ!!

# ڕامان

سیمانێکی سارده مانگ،
هەتاویش تەبەکێکی بێ تین
له دوگمەی کراسەکەت دەچن
ئەستێره و
شەویش
تەنیا سەرگەردانێکه
لەناو بێکۆتایی چاوەکانتدا ...
ئەز بۆخۆم دەگەڕام
که تۆ پرسیت:
سووسەی چی دەکەی لەم نزیکانه ...
زایەڵەی دەنگت
وەک خەونێکی ئەرخەیانی
درەوشاوه لەناو دۆڵی گیان ...
ئەمن سەرسام
لەبەر ئەو ساتەمەییوەدا وەستام
لەئاست خۆم و ژیان
ئەتۆ و جوانی
لەئاست ئەوین و ئەبەدییەت ڕامام ...

# پێم خۆشە بزانم

ئاوێنەیەک بەرەوڕووت ڕادەگرم
وەک بیرەخەوێکی ئاڵۆز
وەک هەوروبایەکی تێکەڵ
ڕابردوو
ئێستا
داهاتوو
دێنە بەر چاوانم
حەزی جاران
مەودای ئێستا
خولیای گەردوون و
تەبیعەت تێکڕا دێنە ژوانم
پێم خۆشە بزانم
دەفتەرە مەشقەکانی منداڵیم
لەکوێ بەجێهێشتووە؟
ئەو ڕووبارە
چەن وردەحەزی منی نوقم کردووە؟

خەرمانان کەنگێ دێت و
باران کەنگێ
شۆستەی ئەو شەقامانە دەشواتەوە ...
ڕۆژگار بەرەو کوێ دەچێت و
کێ ئاورڕ لەم ئاوێنەیە دەداتەوە؟
پێم خۆشە بزانم ...
ئاوێنەیەک بەرەوڕووت ڕادەگرم!

# ڕووداو

چەشنی خەونێکی ئاڵوواڵا
سەرپاک
سروشتی تێدایە
من هەموو ڕۆژەکانم
بەو ڕووبارەدا
دەڕژێنە ناو
ڕۆژهەڵاتی دەریایەکی
درەوشاوە و ڕووناک
ئەو پێکەنی و تەنیا گوتی:
من پێم جوانە
کاتێک باران
ورد و دانەدانە دادەبارێت
درەوشاوە دەریا
دڵی من
هەموو دەنکەکانی
ورد و دانەدانە

ڕژانە سەر
مەرمەڕەکانی حەوشەی زەمان ...

بەڵێ گیانە!
هیچ نەبووە
هیچ ڕووی نەداوە
بەڵێ گیانە!
هیچ نەبووە
هیچ نەقەوماوە
تەنیا
ڕووبارێک ڕۆیوە و
پەپوولەیەک باڵی لێک داوە ...!

# گاڵتەجاڕی ڕۆژگار

لە چاوم دادەبارێ
خۆشەویستیت
دڵم ڕادەماڵێ
گژەبای دووریت
سەرم دەبات
وەک گەڵایەکی تەنیا ...
بەجێ دەمێنی
لەسەرشانی غەمەکان
کە بمریت
وەک سواڵەتەشکاوێ
لەبەردەستی منداڵان ...
تەمەن،
گاڵتەجاڕی ڕۆژگارە!!!
نازانی پێ بکەنی یان بگریت؟؟؟!!!

# لەو دۆڵانە کە...

لەوێ، ئەو گوڵانەی کە زۆر بێوێنە و دەگمەنن
بەسانایی دەست دەکەون،
ئەو مەلانەی خەونی هیچ ئاسمانێ ناتەنن
لەوێ زۆر و زەوەندن،
لەو دۆڵانە کە ...
نهێنی و وردەکاری ژیان لە ناخی بێدەنگیان ئاخنراوە
بە جوانی خۆڕسک و تۆکوتاتی گەردنکێل
دەروونیان ئاوەدان کراوە
سەرپۆشی سەریان
ئاسمانێکی کەوەی ڕوو بە هەتاوە ...
مەلەی تێدا دەکەن وردەماسی ناسکی هەست و
پەپوولەی ئاڵوواڵای خۆشەویستی
لە تەنگی گەروویانەوە
هەڵدەفڕن بە ئازادی
لەو دۆڵانە کە ...
ڕووناکترین کانیاوی بیر و ئەندێشە هەڵدەقوڵێن...!
لەو دۆڵانە کە ...
پاکترین ڕووباری ئەوین و بڕوا بەڕێ دەکرێن...!

# گڵکۆ

تا ئاسمان ئاوا
بێخاوەن و ئاوارە بێت
سنوورەکانی تەنیایی منیش
دوورتر و دوورتر
دەکشێت ...
وەک پەڵەهەورێکی دەم با
بێوڵات و
هەمیشە هەڵوەدا
بڵێی کەنگێ ...
لەکوێ ...
بتوانم
گۆشەگڵێنێکی تەنیا
وەچنگ بێنم
بۆ گڵکۆی فرمێسکەکانم...؟!

# کلابوون

شەوبا
بۆنی یاسی هەناسەت
بەسەرما دێنێ و
مانگ
لەو سەرە ئاگای لێیە
کە خۆشەویستیت
هەتا کوێ لەگەڵما دێ ...!

هۆڕنی بەرزی قەتار
کە پتر لە ناڵەیەکی ناوەخت دەچێ
هوروژمی هەناسەکانت دەپسێنێ و
تۆ، بێ ئاگا
لەوە دەترسیی
نەکا خەونەکانت
لەسەر ئاسنەڕێی ژیان کلا بێ ...!!

# ئاڵقە

بڕیار وا بوو
ڕۆچنەیەکی تازە بی
بۆ ئەو زیندانەی،
که دیلەکەی منم ...
پێم وا نەبوو
ئاڵقەیەکی دیکە دەبی و
زیاد دەکرێ
لە زنجیری گەردنم!

# لەپاش بارانە، کەپەنەک

تێک نەدەشکام
هۆرەم ئەگەر لە تۆ نەبا ...
ئێستا،
مێژوویەکی تێکڕماوم
بە چی دڵخۆشم دەکەی؟
تۆمەز،
کەپەنەکت بۆ هێناوم...!!!؟

# وەرز

بۆ شێرکۆ بێکەس

وەرز، وەرزی گوڵانە
دارستان سووتاوە، باغ ڕووتە ...
وەرز، وەرزی ژیانە
سێدارە هەڵخراوە، بێشکە تابووتە ...
وەرز، وەرزی ئازادییە گەلۆ!!!
بیروڕا، مەچەک دراوە
بەندیخانە
خانەقایە، مزگەوتە، مەلەکووتە!

# یەکەم ئەوین و دوانیشتمان

**پێشکەش بە مامۆستای ژیانم:**
**عەبدوڵڵا پەشێو**

ئەگەر بەناو دڵما داگەڕێن ...
لەناو کۆڵانەکانی ئەم دڵەتەنیایە
ئاخری بە کۆڵانێک ئەگەن کە بەربەستە؛
لە دەلاقەی دارینی
کوختێکی پەستی ناو ئەم کۆڵانەوە
کەنیشکێ دەڕوانێ
کە نیگای کەسک و بەرین وەک بێشەکانی بەهەشتە!
- ئاوپڕژێنی خەونی بەردەرکی ماڵانی ئەم دڵەتەنیایە ئەکا-
هەر لە ژووروی ئەم کۆڵانەوە
لەپاڵ دیوارێکی کاگڵی
پیرێکی عاشق وێستاوە کە دارماڵ لە فام و هەستە
ـ سەرانسوێی ماڵەکچە و ئاخرکۆڵانی ئەم دڵەتەنیایە ئەکاـ
ئەم پیرە عاشقە، مامۆستای ژیانمە
ئەم کوختەپەستە، خانووبەرەی دەرد و ژانمە
ئەو کەنیشکەش،
یەکەم ئەوین و دوا نیشتمانمە
کوردستانمە،
کوردستانمە، کوردستانمە!!!

# زێوان

دار و پەردووی ئەم دڵە
بەسەریەکدا ڕماوە ...!
کۆڵەکە و
کاریتـــــــەی ئەم ماڵە
زۆر لە مێژە
تێکدراوە ...!
تۆ پێم بێژە؟!
ئەرا کێ
ئەم گوڵەسوورانەت هێناوە؟؟!!
دە بڕۆ ... لێرە بڕۆ ... لێرە بڕۆ
زێوانی ئەم گۆڕستانە،
زۆر!!!
یەگجار زۆر نەعاملاوە!

# ئەویندار

دنیا داکەوتبوو بەسەر دڵیدا ...!
لەناکاو،
شتێک لە گرێژەنە دەرچووبوو ...!

ئەو،
بە نەرمی،
نیوەتاکی دەرگاکەی پێوە دا،
شەوژەنەکەی داخست

شتێک لە گرێژەنە دەرچووبوو ...!
لەناکاو،
دنیا بەسەر دڵیدا ... داکەوتبوو.

# پەڵەی چارەنووس

بەسەر شانی "با"وە...
هاودەمی تاوان و هەڵە،
من،
ڕەگەکانی خۆم لە کۆڵ ناوە!
بەلەز،
لەسەر میلی سات و چرکە،
من،
تەمەنم غەریبی ڕایکێشاوە!
سووچی بێکەسی و
تاوانی دەورانە،
وەک پەڵە بە ناوچاومەوە
من،
«چارەنووس»م ناو لێ ناوە!

# تابلۆ

خوێنێکی گەشی سنەیی و
حەزێکی سپی سابڵاغی و
کسپەیەکی کەسکی سولەیمانی
پێک گەییشتن
لەناو تابلۆیەکی ڕەنگزەردی پاییزیدا
شەقڵی هەتاوێکی ئەبەدی
لەسەر دڵی هەڵکەندرا و
تابڵۆکە تواوە چۆڕ...چۆڕ...
لەناو دەنگی ناسری ڕەززازیدا ...!

# مرۆڤێک لە چەشنی قەقنەس

**بۆ ئۆجەلان**

ئەم پیاوە،
ساڵەهایە!
ئاگرەکەی زەردەشت و
خەلیلی پێغەمبەری
لەناو کڵی دڵدایە ...
سەلیبێ لە سنووری،
لەسەر کێلی سینگی هەڵکەندووە
تەرمی لۆرکای
بۆ غەرناتەی دەروونی گواستۆتەوە و
دەبانە کوردانەکەی بەرقەدی
بە ڕووح و گیانی خۆ کالان کردووە ...!

پێتان ئێژم
کە پێیان بێژن
بۆ پێیان وایە:
ئەمجارە

ئاگری بەگڕ دەیسووتێنێ و
مەرەدی مەسیح
دەتوانێ گیانی لێ بسێنێ؟

بۆ پێیان وایە:
ئەمجارە،
بارانی گوللە،
دەتوانێ خەونەکانی بشواتەوە و
تیغی تیژی خەنجەر، ژیانی لە بیر بباتەوە؟

پێتان ئێژم کە پێیان بێژن:
ئەم پیاوە،
ساڵەهایە!
(پێدەشتی دڵی،
لە پاوانی گوڵی گەشی زامدایە!)

***
www.awinbook.com
*******